# کوردی ژنکوژ :  فرۆشیار و کڕیاری شەرەف

خەتاب سابیر

کاتێ بۆیەکەمین جار لەمێژووی ئەمێریکادا لەساڵی ١٧٨٧ دەستوور داڕێژرا، پیاوان کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردبوو. رەگەزی مێینە بۆی نەبوو  دەنگ بدات. نە خاوەنی سامان و تەنانەت بتوانێ خاوەنی منداڵیش بێت تا پیاو و براو باوک  بوونی هەبێ. بەڵام لەچەند دەیەیەکی دواتردا، بەهەوڵی ئازادییخوازان و ژنان،  توانرا هەنگاوی باش بنرێ بۆ پێشەوە. ئێستا دەکرێ ژنانی ئەمێریکا بەئازاترین و چاپووکترین و ئازادترین ژنانی دنیا دابنرێن،  لەرووی ئازادییە تاکەکەسییەکان و بواری ئابوورییدا. ئەم هاوکێشەیە ئەگەر بەسەر کوردستاندا بەراورد بکرێ، دوو دنیای جیاواز و دووسەردەمی جیاوازە.

بەڵام ئاخر دنیا گۆڕاوە، سەردەم  سەردەمی گڵۆباڵیزەیشنە، هێجەمۆنی زانست و تەکنەلۆژیاو کولتووری مرۆیی  مۆدێرن هەموو دنیای تەنیوەتەوە. ئەوە شانزە ساڵە کوردستان ئازادە و لەژێر چەکمەی دوو حیزبی میلیشیایی تا سەر ئێسقان عەشایەریی و بنەماڵەییدا , کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان درێژە بەژیانیان دەدەن.  شانزە ساڵە لەژێر ئەم دەسەڵاتەدا ژن دەکوژرێ، ئەتک دەکرێ، دەبڕدرێ، دەسووتێنرێ و بەردباران دەکرێ، هێشتا پیاوەکانی دەسەڵات، یاسادانەرەکانی دەسەڵات، ئەکادیمیست و رۆشنبیرەکانی دەسەڵات ئۆخژنی تەواویان نەکردووە لە قڕکردنی ژن و کچی کورددا‌و ئامارەکان تازە لە سفرەوە دەستیان پێکردووە.

ئەم کولتوورە شۆڕشگێڕانەیە، پیاوەتیی و شەرەفپارێزییە هەر بەکوردستانەوە نەوەستاوەو سنووری چەندین وڵاتی ئەوروپایی بڕیوەو لە دڵی شارستانییەتی رۆژئاوادا، خوشک و ژن و دایکەکانمان وەک کارە کۆرپە سەردەبڕین و سەریان پاندەکەینەوە. بەڕاست زۆر کەس هەن دەڵێن تەنها سۆماڵییەکان لە دواکەوتوویدا ئێمەی نەوەی میدیاو کەیخوسرەو،  ئێمەی خاوەنی سروودێکی کێویی وەک ئەی رەقیبیان رەتداوە.  من داوای لێبووردنیان لێدەکەم و دەڵێم هەڵەیان فەرمو. کوردی ژنکوژ، کوردی ژنخۆر، پیاوی کوردی شەرەفبەرز لەدوای هەموو تیرەو هۆزو نەتەوەو کولتوورێکی سەر ئەم رووی زەمینەوە دێت. ئەگەر دەماری پیاوەتیی و عەشیرەتچییەتیی هەندێ کوردستانییان رەپ دەبێت، دەڵێم بمبەخشن فەرموون سەیری ئامارەکان بکەن. فەرموون سەیری ژمارەی قوربانییانی ژنی کورد بکەن لەناو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا.  سەیری کولتووری بەردبارانکردن بکەن بزانن لەکوێی دنیادا ماوە، تەنها لەکوردستانەکەی ژێر دەسەڵاتی حیزب  و میلیشیاکانی ئێمەدا نەبێ. لەپاڵ قرمژنی ئەی رەقیبی ژنکوژدا، لە دامێنی ئاڵای کوردستاندا، لە ناو هەولێرە ژنکوژەکەی من و سلێمانییە ژنبڕەکەی من و دهۆکە ژنسوتێنەکەی من و کەرکوکە ژنفەوتێنەکەی مندا نەبێ.

ئێمە، پیاوانی دواکەوتوی کورد، پیاوانی قارەمان و ژنکوژی کورد، پیاوانی شەرەفتکاوی کورد زۆرمان دەوێ تا لە پرەنسیپڵە سەرەکییەکانی ئازادیی بگەین، تا بەئازادیی تاکەکان و ئازادیی و سەربەخۆیی ژنان دەگات. ئێمە زۆرمان دەوێ تا لەوە بگەین، کە دایکەکانمان، خوشکەکانمان، ژنەکانمان، موڵکی تایبەتیی ئێمە نین و ئێمە بۆمان نییە گیانیان بکێشین، چ جای بەوە بگەین لەسەر ماچ و سێکس، تێگەیشتنمان هەبێ، کە بۆمان نییە بیانکوژین، تەنها بۆمان هەیە لێیان جودابببینەوە یان لە مێردەکانیان جیاببنەوە.

پیاوی داوەشاو و عەقڵرزیوی کورد زۆری ماوە تا لەوە بگات، کە ژن ئازادە لەوەی سێکس لەگەڵ پیاوەکەی( مێردەکەی) بکات یان نا، پیاوی کەللەپووتی کورد زۆری ماوە لەوە بگات ، ئەگەر ژنەکەی خۆی ئارەزووی سێکس و جووتبوونی نەبوو،

بەدەستدرێژیی سێکسیی ( Sexual assault ) دێتە ئەژماردن ئەگەر بەزۆر بچێتە گیان ژنەکەی، جا باهەربڵێ خۆشم دەوێ و چیی و چییتر.

بنەبڕکردنی ژنکوژیی بەدەستوبرد نابێ ، ئەوە شۆڕشێکی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی و رۆشنبیریی دوورودرێژی دەوێ و بەداخەوە دەیان و سەدان قوربانیی تر بەڕێوەن، بەڵام دەکرێ کەمبکرێتەوە. ئەم دیاردەیە لەسەردەمی بەعسیشدا بەم رێژەیە نەبووە کە لەژێر دەسەڵاتی کوردییدا هەیە. تاوانباری سەرەکییش دەسەڵات و دەزگا شلوشاوەکانییەتی. خوێنی زۆربەی ژنانی کوژراو لە چاوی سووری دەسەڵات دەناسرێ.

ئەم شەرەفسالارییەی پیاوی کورد ، هەر لەهزری فەندەمێنتالیستە ئایینیی و کەسە دواکەوتووەکانی خێڵ و بنەماڵەو هۆزەکاندا نییە، هەر لەناو ئیڵییتی سیاسیی کوردستان و هەڵبژاردەی پیاوان و دەسەڵاتدارانی حیزبدا نییە. بگرە لەنێو عەلمانیی و لیبراڵ و کۆمۆنیستەکانیشدا کەم تا زۆر هەر بوونی هەیە. ئەگەر ژنی یەکێکمان، خوشک و دایکی یەکێکمان، خوشکەزاو برازایەکی مێینەی یەکێکمان، کەسێکی نێرینە ماچی کرد، سێکسی لەگەڵدا کرد ( بە کوردەواریی شەرەفمەندانە پێی دەگوترێ سواری بوو ) ، ئیتر کەرامەتی خێزانیی و بنەماڵەیی و ناوچەییمان ....تاد دەچێ و ریسوا دەبین!. بۆیە بیر لەتۆڵە دەکەینەوە.

پیاوی بێشەرەفی کورد، پیاوی بێئەخلاقی کورد، پیاوی ژنکوژی کورد، پیاوی بێ کەرامەتی کورد، ساڵ، دوانزە مانگ، خەریکی راوە کچ و پیرەژن و بێوەژن و قەیرەژن بێت بۆ دامرکاندنەوەی حەزو ئارەزووە سێکسییەکانی هەر پێی کەمە، بەڵام ئەگەر ئەم بوونەرەوە کۆنترادیکتە ، خوشکەکەی ، دایکەکەی ، ژنەکەی پێیەکی خوار دابنێ، بۆی دەبڕێتەوە. چونکە "قەحبەیە" قەحبە!.

باشە، قەحبە ئەگەر ریچواڵی ئایینی و کولتوورییەکەی لێدەربکەین، چ ناشیرینییەک لەم مرۆڤەدا هەیە. گیانی خۆیەتی و دەیفرۆشێ. کۆمەڵگا و سیستەمی ژیان ناچاری کردووە. بەدبەختیی و بێدەرەتانیی رەتاندوویەتی. ئایا هەر ئەو قەحبانە لە زۆربەی پیاوە سیاسییەکانی ناو دەسەڵاتی سیاسیی کورد شەریفتر نین؟ ئاخر بەڵاکە لێرەدایە، ئێمەی پیاوی بێشەرەف، زۆرمان ماوە لەوە بگەین، بەڵێ ژن، گیانی خۆیەتی و خۆی لێی بەرپرسەو ئێمە خاوەن موڵک نین و گیانی ئەویش موڵکی تایبەتیی ئێمە نییە. تا هاوسەرمان بن بە تێگەیشتن و خۆشەویستی، هاوبەشیی لە گیانی یەکتردا دەکەین و خۆمان بەهی یەکتر دەزانین، بەڵام کاتێ ژن بەهەرهۆیەکەوە دڵی لە مێردەکەی هەڵدەکەنرێ و دڵی بۆ پیاوێکی تر دەڕوا، مێرد، برا ، باوک بۆیان نییە بیکوژن ، بۆیان نییە لێی بپرسنەوەو لێی بپێچنەوە و پێی بڵێن، بۆچیی ئەم کارە دەکەیت ئەگینا مەرگت نۆش دەکەین. دەردەسەرییەکە لەوەدایە، ئەم کۆنسێپتە سادانە نەک ماوەیەکی دوورودرێژی دەوێ تا پیاوانی کورد لەکوردستان تێدەگەن، بەڵکوو پیاوە کوردە درۆزن و سەد رووەکانی ئەورووپا و ئەمێریکاو کەنەدا وئوستراڵیاشمان هەر وەک کۆنەپارێزەکانی کوردستان بیر دەکەنەوە.

لەکوردستان، هەرچییەک هەبێ یاسا نییە. ئەگەر یاساش هەبێ لەدامێنی هەموو ژنکوژێکدا بستێ باڵای نییە. یاسا! ، تا ئێستا یاسای بەعسە، یاسای ئایینێکە بەهەموو پێوانەیەک ناکۆکە لەگەڵ ئازادیی و مافی مرۆڤ و سەربەخۆیی ژناندا. ژنکوژیی بەم رادەیەی ئێستا هەیە، پەڵەیەکی رەشە بە نێوچەوانی هەموو تاکێکی کوردەوە. باکەسمان خۆمان نەبوێرین، هەمووومان تاوانبارین بەجۆرێک لەجۆرەکان، ئەو ژنە فێمێنیستانەی باسی ئازادیی ژنان دەکەن و ئەو رێکخراوانەی ژنان لەپاڵ دەسەڵاتەوە بەناو داکۆکیی لەژن دەکەن هەموویان تاوانبارن، تەنانەت خودی ژنان لەم بێدەنگیی و بێدەربەستییە تاوانبارن. ئەوان ئەوەندەی خەریکی خشڵ و زێڕو مۆدێلی نوێ و فەخفەخەی ژیانن ، یەک لەسەدی ئەوە بیر لە ئازادیی خۆیان ناکەنەوە، تەنانەت لە رۆژئاواش بیر لەوە ناکەنەوە لەسەرقاچی خۆیان بووەستن و خۆیان ببن بەخاوەنی هزری خۆیان. بەڵام بەدڵنیاییەوە دەسەڵاتی سیاسیی و میکانیزمی یاسا بەمیرات وەرگیراوەکەی بەعس لە ژنکوژەکانیش تاوانبارترە.

مرۆڤ فڕاندن لەهەموو دنیادا، بەتایبەت لەو وڵاتانەی یاسایەکی سەردەمییانەی تێدا سەروەرە، تاوانێکی گەورەیە، باشە ئەوە نییە لەناو عەرشی دەسەڵاتدا، لەناو کۆشی سۆشیال دیموکراتەکانی کوردستاندا، لە ناو شاری هەڵمەت و قوربانییدا، مافیاکان ژن دەفڕێنن ، جووتێ خوشک بێسەروشوێن دەکەن، دواتر دەستریژیی سێکسیی دەکەنە سەریان و ئەتکیان دەکەن و ئەشکەنجەیان دەدەن و پاشتر بەکوژراویی فڕێیان دەدەن. کەچیی حیزب و سکرتێری گشتیی سۆشیال دیموکراتەکان و حکومەت و پارلەمان و مەکتەبی سیاسیی و هەموو ئۆرگانە سیاسیی و حیزبییەکان موبارەکەی سوڵحی عەشایەریی دەکەن!!! کێیە ناماقووڵیی دەکات و دەڵێ میلیشیاکانی سۆماڵ لە ئێمە دڕندەترن لە ژنکوشتندا؟. کێیە شەکر دەشکێنێ و دەڵێت هۆزەکانی ئەفریکا لەئێمە دڕندەترن!!! بەڵێ جیاوازییەکەمان ئەوەیە، ئێمە بانگەشەی عەلمانییەت و کۆمەڵگەی سیڤیل و ئازادیی و دیموکراسیی دەکەین، ئەوان ئەوەندەی ئێمە زمانیان درێژ نییە. ئەگینا ئەوان بەتۆزی ئێمەشدا ناگەن لەژنکوشتندا.

پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستان، لەرووی کۆمەڵایەتییەوە هەموو شیرازەیەکی پچڕاوە، تا بەعس بوو بە ئاگرو ئاسن و کوشتوبڕ هەموومانی لەکون نابوو، شارولادێی وەک چێشتی مجێور بەیەکدا کردبوو ، جاش وباش، سەربازو خوێندکار و فەرمانبەر وکرێکاری وەک ماڵات کردبوو بەیەکدا. لەدوای راپەڕینیش، ئەم هەموو جاش و باشە بێ تەتەڵەکردن و بێ دادگایی وەک خڵتە نیشتنە ناو گەرووی حیزبەکانی شاخ و جارێکی تر کۆمەڵگەی کوردستان تێکەولێکە بووەوە.

لەهەولێر، لەو پایتەختەی بانگەوازی گورگانەی سەربەخۆیی کوردستانی تێدا دەدرێ ، سەرلەشکرێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بوختان بۆ کچێکی دوانزە ساڵانەی خۆی دەکات و دەیکوژێت، بۆ گەیشتن بەمەرامی سێکشواڵیەتیی خۆی کە کچی دراوسێکەیانەو لەپەنای هەڕەشەی کوشتنی کوڕی ئەو ماڵەوە گوایە پێوەندیی دڵداریی لەگەڵ کچە ١٢ ساڵانەکەیدا هەبووە، داوای چەندین دەفتەر دۆلار دەکات. ئەم شاری بێ حاکمە، ئەم حکومەتی بێ یاسایە، ئەم حیزبە سۆشیال دیموکراتەی ئەم کچکوژانە ئەندامەکانین، حیزبەکەی شەهاب و ئارامی خێرلەخۆنەدیو کە چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەیە بەدەستە ژنی کۆیلەی لەماڵەوە راگرتووە، بێجگە لەو کەنیزەکانەی لەرێی پارەو موڵک و سەرمایەکانیانەوە راویان دەکەن، چۆن دەکرێ سزای ژنکوژان بدات؟

سەرۆکی هەرێمەکەم، داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکات! بەدبەختییەکە لەوەدایە ئەو قسانە بۆ من و تۆ دەکات، ئەگینا کابرای بیانیی بە عانەیەکی سەردەمی مەلیکیی لێی ناکڕێ، تەنانەت تورکە تۆرانییەکانیش گاڵتەیان پێی دێت. بۆ بازاڕگەرمکردنییەتی ، بۆ قوڕبەسەریی ئەو کۆلکە نووسەرانەیەتی بەزوڕناکەی سەرۆکی هەرێم هەڵدەپەڕن. ئاخر سەرۆکی هەرێم ئەگەر مۆراڵی سیاسیی و مرۆیی حیزبەکەی خۆی و حکومەتەکەی خۆی و بنەماڵەکەی خۆیشی لەبەرچاوبگرتایە، دەبووایە توندترین سزای ئەو لق و ناوچەو پۆلیسەحیزبییانەی بدایە کە "دوعا"یان بە گرێبەستێکی عەشایەریی رادەستی کوڕگەلی شەرەفکوژ کردەوە.

تف لەخۆم کە کوردم، کە رەگەزم نێرینەیەو لەسەر پیاوە ژنکوژەکانی کورد پۆلێن دەکرێم. لەسەر ئەوانە دەژمێردرێین کە شەرەفی تکاو و ئەتککراوی نەتەوەو وڵاتەکەمان بە کوشتنی ژنانی کۆیلە دەکڕنەوە! ئابڕووی کورد چوو، ئەو کوردە شەرەفبەرزانەی پێیانوایە ئەگەر کەمێک شەرەفمان هەبوو، ئەوە ئەو شەرەفەشمان چوو، لەنێو کۆمیونیتیی نێودەوڵەتییدا ریسوا بووین .

ژنکوشتن لە ئەوروپاش ، لە ئاسیاو ئوستراڵیاو ئەمێریکاکانی باکوورو باشووریش هەیە. ئەمە کولتوورێکی پیاوسالارییەو پیاو

زۆربەی کەناڵە گرنگ و هەستیارو بەهێزەکانی کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام ئەم ژنکوشتنەی ڕۆژئاوا، زۆر زۆر جیاوازە لەو ژنکوشتنەی کوردستان. ژنکوشتن لە ڕۆژئاوا زێتر لە سەر مەسەلەی توندوتیژیی ناوماڵە ( Domestic violence ). لەڕۆژئاوا یاسا باڵا دەستەو ئەگەر لەسێدارەدانیش نەبێ ، دەبێ ئەوەندەی ژیانیان ماوە لەزینداندا بڕزێن.

کارەساتی ژنکوشتن لەکوردستان، بووەتە تراژیدیایەکی سامناک. ئەو فیلمە ڤیدیۆیەی کوشتنی"دوعا" تەنها بەشی یەکەمی، تا نووسینی ئەم وتارە، پتر لە ٧٥ هەزار جار کلیک کراوە لەتەنها یەک سایتدا ( youtube.com ) . ئەوە دەیان و سەدان سایتی تر لەولاوە بووەستێ. ئەوانەی کلیکیان کردووە گەنجان و کەسانی سەرکێشی ڕۆژئاوایین، ئەگەر بەگۆترەش دایبنێن نیوەیان ڕۆژئاواییین و کوردی ژنکوژ نین و دڵمان بەوەخۆشبکەین وبڵێین دەی هەر خۆمانین. دەبێ سەرۆکی عێراقی عەرەبیی و ئیسلامیی ، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق ( ناسراو بە هەرێمی قاتوقڕیی ژن ) باش بزانن، کورد تا رادەیەکی زۆر ترسناک لە دەرەوە ریسوابووە، تا رادەیەکی زۆر هەستیار کورد بەژنکوژ و مرۆڤکوژ و دڕندەو ( وەحشیی ) کێویی ناسراوە. میدیای ڕۆژئاوا، دڵداریی لەگەڵ کەسدا ناکات و بەزەیی بەهیچدا نایاتەوە. هیچ شتێکیش بەهیچ بیانوویەکەوە ناشارێتەوە.

ئێمە لەکۆمەڵگایەکدا دەژین، دەسەڵات ئازادییمان بە چکەچک دەداتێ، ئەو کەمە ئازادییەی پیاویش هەیەتی لەژنی زەوت دەکات. پێموایە تا لەخۆمانەوە دەست پێ نەکەین و لەهەنگاوی بچووکەوە لەناو ماڵەکەی خۆمانەوە دەست پێ نەکەین، ئەستەمە هەنگاو بەکەسی تر بهاوێژین. ئێمە ئەگەر ڕێگە لە خوشکەکانی خۆمان بگرین لەدڵداریی و عەشقکردندا، ئتیر سەدان شیعرو پەخشانە شیعر و فشەوتار بنووسین بەچیی دەچێت.؟. ئێمە ڕێگە بەخۆمان نەدەین کە بیر لەئازادیی بکەینەوەوە لە خوشک و دایک و ژنی خۆمانی بگرینەوە، چۆن دەتوانین دژی ڕەشەکوژیی ژنان بووەستینەوە؟. ئێمە چاو بنوقێنین و زۆربەی هەرە زۆری ژنانی عەشیرەتەکەی سەرۆکی هەرێمەکەمان کۆیلە بێت و ئازاد نەبن، ئیتر ئەم کوردە بێشەرەفە ژنکوژە، بەچییەوە دڵی بەئازادیی خۆشە، بەچییەوە دڵی بە سەربەخۆیی کوردستان و هەڕەشەکردن لەتورکیا خۆشە؟

لەکۆتایی ئەم نووسینەدا، زۆر بەوریاییەوە، زۆر بەئاگاییەوە، دەڵێم دژی بڕیاری لەسێدارەدانم بەهەموو شێوەیەک و بۆ هەموو کەسێک، تەنانەت لەدڵەوە پێم ناخۆش بوو کە سەدامی دیکتاتۆری پێشووی عێراق لەسێدارەدرا. پێمخۆشبوو لە دادگای نێودەوڵەتییدا رابووەستایەو کۆتایی ژیانی لە زینداندا تەواوبکردایە. دیارە ئەمە دەستکەوتی سیاسیی و مێژوویی زۆرتری بۆ کورد دەبوو. بەهەمان شێوەش پێم خۆش نییە عەلی کیمیاویی لەسێدارە بدرێ، چونکە مانەوەی ئەو و گەیاندنی بە دادگای نێودەوڵەتیی سوودی بێئەژماری بۆ کورد و داهاتووی کورد دەبێت.

بەڵام بڕوایەکی قووڵم هەیە، ئەم تراژیدیای ژنکوشتنە دروێنەی گیانی دەیان و سەدان ژنی تر دەکات، ئەگەر بەپەلە و بە توندیی پێشی پێ نەگیردرێ. دڵنیام ئەم تراژیدیایە درێژەی دەبێت، بەڵام دەکرێت ژمارەی قوربانییەکان بەرێژەی بەرچاو کەمبکرێنەوە، ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی، ویست بکات و یاسایەکی توند بۆ سزادانی ژنکوژان بخاتە بواری جێبەجێکردنەوەو لە قسەی سەر مایکرۆفۆن و پانێلەکان و مێزگردەکانەوە بێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوا بەدڵنیاییەوە سنوورێک بۆ ئەم ڕەشەکوژییە، بۆ ئەم بێئەخلاقییە دادەنرێ. بەتووندیی دژی بڕیاری لەسێدارەدانم بەڵام دڵنیام لەوەی ئەگەر چوار پیاوی ژنکوژ ، چوار پیاوی بێئەخلاق لەسێدارە بدرێن، ئەگەر چل پیاوی شەرەفپارێزی کورد ٣٠ ساڵ وەک د.کەمالی سەیید قادر بدرێ بەتەنگەیاندا و حوکمەکانیان جێبەجێ بکرێن و نەکرێنە خەڵات و مەکرەمەی حیزبیی و سەرۆک و پادشاکان و پاش چەند هەفتەو مانگێک ئازاد بکرێن. جا ئەوسا ئامار پێمان دەڵێ کێرڤی ژنکوشتن و ڕەشەکوژیی چۆن روو لەخوارەوە دەکات.

لەگەڵ ئەم سزا تووندانەشدا، ئەگەر میدیای کوردیی بە ئەهلیی و حکومییەوە، بکەونە هەڵمەتێکی گەورەی سەرکۆنەکردن و

ریسواکردنی ژنکوژان و کولتووری ژنکوشتن ، هاوشان لەگەڵ کەمپەینی سیاسیی و کولتووریی و رۆشنگەریی و بێدارکردنەوەی چین و توێژەکانی تەواوی کۆمیونیتی کوردیی بەئاگا بهێنرێنەوە. بەڵام بەبەردەوامیی گوشار لەسەر دەسەڵات بێت. چونکە گرفتەکە لێرەدایە، ئەوانەی بڕیاری دەرکردنی یاسای نوێ دەدەن و ئەوانەی کە یاساش دادەڕێژن کۆیلەی بیری پیاوسالارییین و خۆیان بڕوایان بەیاساگەلێلی لەو چەشنە نابێت. یەک خاڵێکی تر هەیە زۆر گرنگە و هاوپێچی ئەم بابەتەیە، ئەویش پەرەدان و ستایشکردنی کولتووری تۆلێرانسی رەدووکەوتنە.

رەدووکەوتن لەزۆر ناوچەی کوردستاندا، بەتایبەت لەهەندێ ناوچەی سنوورییدا، لەناو دواکەوتووترین تیرەو هۆزەکاندا روودەدات و زۆر بەهێمنیی و بەبێ خوێنڕشتن زۆربەی جارەکان بەخۆشیی و بەیەکگەیشتن کۆتایی پێدێت. دەبێ ئەم کولتوورە ستایش بکرێ، ستایشی ئەم کولتوورە بەواتای دەستپێوەگرتن نا، بەڵکوو بەواتای ئەوەی بەهەند وەربگیرێ لەبەرامبەر رەشەکوژیی ژنان و خوێنبایی و ....تاد. دەبێ ئەو کولتوورە گەشەی پێبدرێ ، رەدووکەوتن و لێخۆشبوون لێیان ، بڕیارێکی تایبەتیی دوو مرۆڤی نێرو مێیەو لێخۆشبوونەکەشیان قبووڵکردنی راستییەکە کە دەبێ سەرۆکی هۆز و خێڵەکان فێری ئەوە بن کە رێز لەئازادیی تاکەکان و مرۆڤەکان بگرن.